www.kurdistannet.org

# ئەگەر وایە ئێمەیش دەست بەخیانەت دەکەین...!!!

**کەریم مودەریس**

لەبیرتانە کاتێک دەنگۆی هاتنە ئارای بڕیاری ٩٨٦ لە کوردستان بڵاوبۆوە خەڵک وایزانی ئیتر دەگەڕێنەوە سەردەمی فلس وعانە، بۆیە هەرچی کەلوپەلی دوکانەکان هەیە مەزاتکرا، ئەوەی دوانزە سەعات بەر لە بڵاوبوونەوەی ئەم بڕیارە دەمت لیکی بۆی دەکرد هێندە هەرزان بوو بوو بێزت نەدەهات بیکڕی گوایە سبەی شتی تازە بەهەرزانتر دەکەوێتە بازاڕەوە کەچی وانەبوو... لە بازاڕی شێخەڵڵای هەولێر شتومەک وەک زبڵ هەڵدرابۆوە و خەڵک ئەگەر نەشی کڕیبا تامەزرۆی دەست لێدانی پێ دەشکاند، دەڵێن یەکێک مەعجونێکی ددانی مامەڵەکردبوو گوتبووی: ئەرێ خۆ ئێکسپایەر نییە، کابراش پێی گووتبوو ئەوە چەند ساڵە (مەبەستی ساڵانی دوای ڕاپەڕین بوو هەڵبەت) هەرچی شتی ئێکسپایەر هەیە لە سکی ئێوەمان ساغکردۆتەوە تازە دەڵێی ئەمە ئێکسپایەرە یان نا..؟؟!!

گەلی کوردیش بەدرێژایی مێژوو کوشتەی دەست خیانەت و خیانەتکارییە، ئەگەر بەدرێژایی ئەو مێژووە دوو دوژمنی هەبووبێ ئەوە بەبێ هیچ گومانێک یەکێکیان خۆی بووە، بەڵام هەرگیز نەپەندی وەرگرتوو، و نەتوانیوویەتی بەسەر ئەم نەفسە زەعیفەی خۆیدا زاڵ بێت، بۆیە وا بەشاگەشکەییەوە باس لە ئاشکرابوونی فایلی ئەوانە دەکرێ کە جاسوسی بەغدا بوونە وەک ئەوەی لەمەو بەر بەفایلی کەسمان نەزانیبێ...!!

بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەمە دەسکەوتێکی دیکەی ڕوخانی ڕژێمی بەغدایە کە ڕووی ڕاستەقینەی زۆرێک لەوانەی بۆ هەڵماڵێن کە تا ئێستە خۆیان بە (عوجی عەنەق*) و پاڵەوانی کوردایەتی نواندووەو گەلی ساویلکەش بڕوای پێکردوون، یا ئەگەر بڕواشی پێنەکردبن نەیانتوانیوە بەڕوویاندا بێنن چونکە هەردەم لە پلەو پایەی وادابوونە تەنها ئیشارەتێک بۆ ئەم مەسەلەیە بەس بووە کە بەگۆڕستانی غەریبانیان (شاد) بکەن بەڵام ئێستە ناکرێ بەرانبەر بەمەسەلەی ئاشکرابوونی فایلی فایلداران بێدەنگ بین، تەنانەت جەماوەریش کە قەت ڕووبەڕووی هیچ حاڵەتێکی لەم بابەتە نەوەستاوەو دەنگی نەبووە دەبێ ئەمجارەیان چاوی بکاتەوە، حزبەکانیش قسەیەک ناکەن کە ڕۆژانە ناوی (زاتێک) ئاشکرا دەبێ، تەنانەت پارتی بەیانێکی دەرکرد سەبارەت بەوەی کە کەس لە ڕیزی سەرکردایەتی لەم مەسەلەیە نەگلاوە، بەڵام ئایە سەرکردایەتی هەر ئەو بەڕێزانەن کە لەسەر ئەو ئاستە ناسراوون..؟؟ ئەی سەرکردایەتی ئەوانەش نین کە بەرپرسی یەکەمن لە ڕاپەڕاندنی کاروباری خەڵک، وەک دەزگا خزمەتگوزارییە حکومییەکان، پاریزگا، پۆلیس، ئاسایش، زانکۆ، پەروەردە، ئایە بەیانێک بەسە بۆ ئەوەی ئەم مەلەفە خەتەرە دابخرێ، لە حزبەکانی دیکەش وەک یەکێتی نیشتمانی وەک ئەوەی خەڵک باس دەکات کە بەڕەسمی من هیچم بەرچاونەکەواتووە، دەڵێن گوایە گوتراوە بەئاگاداری ئەوان ڕەوانەکراوون بۆ مەبەستی تایبەت کە خزمەتی پتر بەدۆزی گەلەکەمان بکەن.!!

زۆر سەیرە کاکە گیان ئەمە خیانەتکارییە خیانەتکاری، واتە فرۆشتنی ناموس و شەرەف، مەزاتکردنی نهێنییەکانی وڵات، هێنانی دوژمن و دووبارە ئاوارەکردنەوەی خەڵک، هەتیوکردنی منداڵ، بڕینی جگەری دایکان، بێوەژنکردنی ژنان، چۆن دەکرێ لەبەرانبەر ئەم حاڵەتە بێ دەنگی بنوبندرێ، جا ئەگەر وایە ئەم نارەزاییە چیبوو بەرانبەر بەهاتنی سوپای تورک دەبرا..!!

ساویلکەیی ئەم میللەتە گەیوەتە ئاستێک کۆمەڵێک فایلی خیانەتکاری ئاشکرابێ کەس باکی بەوە نەبێ داوای لێپێچانەوەیان لەگەڵدا بکات، لێرەو لەوێ نووسەران شتێک دەوروژێنن بەڵام لەسەر ئاستی

www.kurdistannet.org

ڕەسمی ڕوونکردنەوەیەک نییە دڵنەواییەک بەخەڵک بدات کە ئەمانە بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەی بۆچی هەرکە بەستەزمانێک لەبەر بێدەرەتانی خۆی هەڵەیەک دەکات یاسا وا بەئاسانی بەر قەرارە، ئەگەر گەورەیەکیش تاوانێک بکات یاسا لە مۆڵەتی دایکایەتییدایە، بگرە بەرپرس هەیە کە تاوانێکی لێ ئاشکرادەبێ پلەیەکیش بەرزتری دەکەن، دەڵێن لەم وڵاتەی ئێمەدا بەرپرسێک هەبووە نەسرییەی مانگانەی فەرمانگەکەی هەموو دەخستە باخەڵی خۆی و کەسیش نەیدەتوانی لە ڕاپۆرت نووسین زیاتر شتێک بکا، لەدوای ئەوەی باری ڕاپۆرتەکان دەگاتە ئەوەی شەرم دەکەن قسەیەکی لێ نەکەن، یەکێک لە پیاوانی حکومەت بانگی دەکات و حەیرانەی بۆ دەڵێ، لە جیاتی ئەوەی بەپێی یاسا سزای بدات پێی دەڵێ باشە تۆ کە هەر دەتبرد بۆ هەرهەموویت دەبرد...!! لە پاشان پێی دەڵێ ئەمە سێ هەزار بۆ خۆتی سەرف بکەو مانگانەش پێنج سەد دینارت لە مووچەکەت زیاد دەکەم. ڕاستە ئەمە هەنگاوێکی چاکسازییە، مۆدرینە بەڵام بۆ ئەم چاکسازییانە لەسەر ئاستی کۆمەڵ نەبێ بەگشتی، ئەی بۆ سزای هەرزەکارێک دەدرێت کە ئۆتۆمبیلیک دەدزێ و تەنها مسجەلەکەی بەقسمەت دەبێ کە بە ١٥٠ دینار دەیفرۆشێتەوە، بۆ چاکسازی بۆ دەیەها کەسی واناکەن کە لەبرسا دەست لە قورگی خەڵک دەنێ و پارووە زیادەکانی لێ دەردەهێنێ...؟؟

ئەگەر مەسەلەکە هێندە فشەبێت وەک فشە چووەتە نێو دەوەرانی خوێنمانەوە، سبەی ئەو ئەفەندییانە بنکەی فایلەکانیان دەگوازنەوە وڵاتێکی دیکەی دراوسێ، واتە بەکوردی جاسوسی بۆ یەکێکی دیکە دەکەن، جا ئەگەر حاڵ گەییوەتە ئەو ڕادەیە ئەوانە لە پێشەوە دەمێننەوە با ئێمەیش دەست بەخیانەت کاری بکەین بەشکو تۆزێک قیمەتمان دەبێ کە لە خیانەت نەکردن هیچمان پێ نەبرا. ئاخر چۆن دەکرێ خاین و تێکۆشەر لە یەک ڕیزدابن، یا ئەگەر هەر هیچمان پێ نەکرێ با بەقسەی خێزانی ئەو هاوڕێیە بەرپرسەم بکەین کە لەم ڕۆژانە تەلەفۆنی بۆ کردبوو (خێزانەکەی لە دەرەوەی وڵاتە) باسی هاتنەوەی لەگەت کردبوو خێزانەکەی پێی گوتبوو (جارێکی تر چۆن بێمەوە ناو ئەو خۆفرۆش و خاینانە، تۆ وەرە لای ئێمە).!!

لە پاڵ ئەمەش خاوەن فایلەکان چونکە دەرسی بەعسیان زۆر چاک ئەزبەرکردووە هەر خێرا کەوتنە گیانی کۆمەڵێک خەڵکی دیکە و خێرا فایلیان بۆ دروستکردن بۆ ئەوەی ببێتە تێکەڵاوێکی وا کەس نەزانێ ئاخۆ خاوەن فایلە ڕاستییەکان کێن.

لە پاشان وەک هەندێ نووسەری بەڕێز باسیان لێوەکرد، ئایە لەدوای ئاشکرابوونی فایلەکان ئیتر چی..؟؟!! واتە ئایە پێویست نییە لە دادگایێکی عادیلانەدا هەموو ئەو ماڵ و سەروەتەیان لێ بسەندرێتەوە کە لە پەنای پۆستی بەرپرسیارییەوە بەجاسوسیکردن بەدەستیهێناوە، و بەپێی ئەو یاسایەی کە دایم دەگوترێ دەبێ لە کوردستان هەر ئە سەروەربێ بەسزای ڕەواو برگەی خیانەتکارییان لەسەر جێبەجێ بکرێت. چونکە ئەوانەبوون فەشەلیان بەو بڕیارانەی حکومەت هێنا کە لە بەرژەوەندی هاوڵاتیان دەردەکرا بەڵام لەسەر ئاستی جێبەجێ کردن تەگەرەیان دەخستە ڕێ، ئەوانە بوون فەشەلیان بەزۆر لەو پرۆژانە هێنا کە سیمای شاریان جوان دەکرد، ئەوانە بوون زانکۆکانیان کردە مەیدانی پێشبڕکێی ڕاکردن بەرەو دواوە، ئەوانە بوون ئاگری دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆیان گەرم دەکرد، ئەوانەبوون تی ئێن تییان لەناو شار، لە ڕێگەی بەرپرسانی دڵسۆز دەتەقاندەوە. ئێستەیش بەهۆی ئەمانەوە هەرکەس لە ئێمە وا هەست دەکات سێبەری بەعسییەکان وا بەسەرییەوەیە، لە ماڵ لە فەرمانگە لە بازاڕ لە دەزگا حزبییەکان، کێ بەرپرسیارە لەوەی ئەو دڵەڕاوکێییە لەلای هاوڵاتی بڕەوێنێتەوە، هەرکەس واهەست دەکات بەئاشکراو بەنوێژی نیوەڕۆ خیانەتی لێدەکرێت، وڵاتەکەی هەڕاج دەکرێت، زانیاری لەسەر شەڕەف و ناموسی دەزاندرێ، سامانی وڵاتەکەی بەش بەش دەکرێ، حکومەتەکەی تەزویر دەکرێ و کەس نییە داکۆکی لێ بکات، باشە ئەو حکومەت و حزبە

www.kurdistannet.org

کوردییانه لەوە ناترسن کە لیستێک دروستبکرێت ناوی هەندێکی دیکەی تێدابێ کە وا لە خەڵک بکات وڵات بەجێبێڵێ، ئەرێ جام زرینگان گەورەترنییە لەوەی کە بشکێ..!!

ئەمە هەموو لەلایەک، لەلایەکی دیکە خەڵک ئێستە بەوانە دەزانێ کە فایلیان بڵاوبۆتەوە، بەڵام زۆر لە نووسەران پێشتر زانیاریان لەسەر مەسەلەیەکی وا گرینگ بڵاوکردۆتەوە کەچی هیچ نەکراوە، بگرە مێش میوانی کەس نەبووە لەم وڵاتە بەستەزمانەی ئێمەدا تەنانەت بەندە لە ناوەڕاستی نەوەدەکان بابەتێکم لەسەر ئەو مامۆستا و سەرپەرشتیارانە بڵاوکردەوە کە دەستیان هەبووە لە بەعەرەبکردنی مەنهەجی خوێندنی شاری دهۆک و لەلایەن (محەمەد حەمزە ئەلزوبەیدی)یەوە خەڵات کراوون و پێشنیازیش کراوە کە بۆ ساڵی ١٩٩٠ ئەم پڕۆژەیە لەسەر شاری هەولێر و سلێمانیش جێبەجێ بکرێت بۆ ئەوەی بەتەواوی خوێندن لە کودستان بەکوردی نەمێنێت، کەچی کەس لەو سەرپەرشتیارانەیان نەپێچایەوە و تاکو ئێستەیش لە دەوامی ئاسایی خۆیان بەردەوامن.

ئەمانەش بەجێی خۆی، ئێمە وا دەزانین هەر ئەوانە خاینن کە فایلیان ئاشکرابووە، ئەی بەوانە دەڵێین چی کە دەبن بەلەمپەر لەبەردەم پێشکەوتنی وڵات، گەیاندنی خزمەت بەهاوڵاتی، ئایا ئەوانەی تەگەرە دەخەنە کاری هاوڵاتیان لە فەرمانگەکان، ئەوانەی دڵی پڕ ناسۆری خەمبارانی وڵات خۆش ناکەن، ئەوانەی بڕیارەکانی حکومەتی هەرێم پشتگوێ دەخەن، ئەوانەی خیانەت لە پەروەردەکردنی نەوەکانمان دەکەن، ئەوانەی جۆرەها ئاژاوە دەنێنەوە، ئەوانەی بەسەعاتێک دەبن بە بەرپرس بەسەر سەری خەڵکەوە، ئەوانەی دەسکاری سامانی وڵات دەکەن، ئەوانەی مافی خەڵک زەوت دەکەن، ئەوانەی نایەڵن قسە بکەی، ئەوانەی ڕاستییەکان ئاواژوو دەکەن.. ئەوانەی.. ئەوانەی.. ئەوانە دەخەنە چ پایەیێکەوە..؟؟!!!

ئایە خیانەت چییە بەڕای ئەو بەڕێزانەی ناوی فایلدارەکان دێنن، ئایە تا ئێستە ئەم گەلە بەستەزمانە هیچ خیانەتی لێنەکراوە، ئەی بۆ کەس ناوێرێ ورتەی لەدەمەوە دەربێ، بۆ وا خێران بۆ گیانی ئەوانەی کە ئەمڕۆ پشتیوانەکەیان (سەددام) نەماوە، بۆ بەئاسانی دەوێرین ناویان بەرین، ئایە لەو بڕوایەدانین کەسانێک هەبن لەم وڵاتەی ئێمەدا لەم خاوەن فایلانە پتر زیانی بەکورد و خەڵکی کوردستانەوە گەیاندبێت، بۆ کەسێکمان ناوێرین ناوێک بەرین و داوابکەین دادگایی بکرێت، لەسەر زیانێک کە بەخەڵکی گەیاندبێت، کەسێک خیانەتی لە حکومەتی کوردستان کردبیت، لە حزبە شۆڕشگێڕەکان کردبێت، بۆ ئەوەی لەدوای هەر (مهاباتێک) خوانەخواستە کەسێک هەبێت شایستەی پێسپاردنی ئاڵا غەریبەکەی کوردستان بێت.

---

* ئەم بابەتەم لەسەرەتاوە لەژێر ناوی (تکایە ناوی منیش بخەنە ئەو لیستەوە) نووسیبوو، بەو مانایەی ئەوەی ناوی لە لیستی وادا هەبێ بەخت یاوەرییەتی، هەروەها هێرشیکیش بوو بۆ سەر بەرپرسان بەڵام هەرکە بینیم لێپێچانەوە لەسەر سەرپێچییەکان ناکرێت... گەردەنم ئازاکرن و ناوی بابەتەکەم گۆڕی چونکە بەم حاڵەوە منیش ببم بە بەرپرس لەوانە باشتر ناکەم.

* عوجی عەنەق: پیاوێکی ئەفسانەییە دەڵێن هێندە باڵا بەرزو بەهێزبووە بەدەستێک ماسی لەژێر ئاودا گرتووە و بەدەستێکیش گەیاندوویەتییە بەر تیشکی خۆر تابیبرژێنێ.